

# له ئوستورەوە بۆ دین

**شەماڵ حەسەنزادە**

**ڤۆڵتێر: قسەم لەگەڵ مەکە، یان ئەگەر قسەشم لەگەڵ ئەکەی، وشەکانم بۆ پێناسە بکە.**

به دەستەوەدانی پێناسەیەکی فیکسو نەگۆڕ لە سەر ئایین یان راستر چەمکی ئایین پەیوەستە بە خوێندنەوەیەکی بنەماییو بونیادی لەسەر ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤو ئەزمونەکانی لە بواری دەروونیو زەینیەوە. چونکه لە ساناترین باری دەلالەتی خۆیدا، ئایین خۆی لە ناو کەمەرەی هەڵکێشانو داکێشانە دەرونیەکاندا ئەبینێتەوە، کە بڕیاری دەروونیو زەینی بەسەر ئەمری واقیعو عەینی، واتە دونیای واقیعو حەسیدا زاڵە، چ جای ئەوەی ئەگەر بمانەوێ چۆنیەتی سەرهەڵدانی، لە ناو ڕەوتی مێژوویيو بوون بە نیهادو سنبولو خۆخزان بۆ ناو ئەخلاقی کۆمەڵگاو موعامەلەی تاك (لە دەرەوەی قەوارەی سیستمی سیاسیو دینی)، لەم ڕەوتە مێژووییەدا بدۆزینەوە، ئەوە پێویستە کە لەدایکبوونی ئایین هەر لە منداڵیەوە تا ئەگاتە سەردەمی پیریو تەنانەت ناشتنی فەلسەفەیش، ڕامان بکرێ.

خاڵی سەرنج ئەوەیە کە ئایین لە ڕۆڵە واقیعیەکەی خۆیدا بە هۆی بەستێنی تەجریدیو زەینیەوە لە کۆمۆنێکەوە بۆ کۆمۆنێکی تر خۆی لە جیاوازی هێماو ئیلاهەو مەراسیمو..هتد ئەبینێتەوە، هەر لەم ڕووەشەوە سیفاتی ڕاشکاویو واقعبوون تێدا ون یان لێڵە. بەم پێیە، بۆ دوورکەوتنەوە لەم بۆشاییەو پڕکردنەوەی، ئەبێ چەمکەکانی پەیوەست بە ئایین، چەشنی سروشتو هێزە نادیارەکانیو چۆنیەتی کاریگەریی لەسەر مرۆڤی چاخی سەرەتاییو وجود (هەستی)، رامان بکرێتو ئەو کات پێودانگی ئایین لەمەڕ کێشە سروشتیو دەرونیەکانی مرۆڤ بە پێوەری مێژوو ئاناهێزە بکرێ.

یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە ئایین لە ناویدا سەری هەڵداوەو تێیدا زاوزێی کردووە، سروشت یان تەبیعەتی وەحشی بووە، واتە بە هۆی پێناسەنەبوونی

سروشتو تایبەتمەندیەکانی سروشت، مرۆڤ خۆی لە هەمبەر دونیایەکی نامۆو نادیاردا ئەبینیەوە، کە زۆرجار ئەیهەژاندو ماندوی ئەکردو دەیترساندو هەندێ جاریش دەیلاواند، لەم قۆناغە سەرەتاییەدا مرۆڤ ڕامانو ئەندێشەی بۆ نەناسراوەو تەنیا لە ڕووی فیسیۆلۆژیەوە کردارەکانی خۆی لە هەمبەر سروشتدا بەراورد کردوە، بۆیە کاتێك کە سروشت خۆی لە ناو سیفاتە سروشتیەکانی خۆیدا دەبینێتەوە، مرۆڤ لە هەمبەریدا بێ تواناو بێتاقەت بووەو پەنای بردۆتە بەر تەسلیمو کڕنوشبردنو دروستکردنی هێزە باڵادەستەکانی خۆیو فۆرمی پیرۆزی داوەو باوەڕی پێ هێناوە، بە تایبەت ئەگەر سروشت، سروشتێکی توڕەو تۆسن بێ، ئەوە مرۆڤ ڕۆحێکی گشتگیرانەی لەناو ئاکارو خوو ڕەوشتی خۆیدا پەسەند ئەکرد، تا چاوەدێری هەموو کردارەکانی بکات.

سازدانی ئەم "مانا" دەرونیە کە لە راستیدا لە ناو واقیعو سروشتدا "بونی" عەینیو دەرەکی نیە لە لایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە سەپاندنی بەسەر سیمبولەکانی سروشت، چەشنی درەخت، بوونەوەر، گیا..هتد نیشانەی نامۆییو غەوارەبوونی مرۆڤ لە هەمبەر سروشتی بەندەپەروەردا بووە. ئەم سەردەمە قوربانیگرە بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ فیکرو ئەندێشەو لۆژیکی بۆ پێناسە نەکراوەو نەیداوەتە بەر مەراقی ئەقلانی خۆیو وەك سەردەمی منداڵی ئایین ناودێر ئەکرێ.

خاڵێکی گرنگی تر کە ئەکرێ جێیو سەرنج بێ، ڕۆڵی ئوستورە لە مەڕ پۆشتەبوونی ئایین بە کردارە پیرۆزو موقەدەسەکانەوەیە. بە واتایەکی تر دەلالەتە ئوستوریەکان لە پەرەپێدانو تەنانەت ئافراندنی موقەدەساتە نوێیەکان، چ وەك ئالیهە یان نۆرمەکانی تر دەوری سەرەکیان گێڕاوە. بەو مانایە کە سروشت بە پێی تێپەڕبوونی زەمانو ئاشنابوونی مرۆڤ بە ئەقڵو ئەندێشە لە دەسەڵاتی، موتڵەقو ڕەهای سەردەمی خۆی دوور ئەکەوێتەوەو وردە وردە دەسەڵاتەکەی لەگەڵ مرۆڤی خاوەن مەعریفەی گۆزاز، دابەش ئەکات.

لە ئوستورەکانی یۆناندا کە وەك سەرچەشنی جیهانی ئوستورەییو ئوستورەی دایك ئەناسرێن. ئەبولهەول[1]، تەواو لە ئوستورەییو ئیلاهی خۆی (سروشتی) هاتە دەرێو روخساری نیوە حەیوانیو نیوە مرۆڤانەی بەخۆوە گرت. (ئەبولهەول کە وەك یەکێك لە ئیلاهەکانی سەردەمی گوزار دێتە ئەژمار، خوارەوەی شێرو سەرەوەی ژن بووە) لەم راستیەدا سروشت، مرۆڤ وەك بەرهەمی خۆیو تەنانەت بە بایۆلۆژی حەیوانەوە، ناوەزد ئەکا. بەو مانایە کە ئەقلانیەتی ئوستورەیی لەڕاستیا لە خزمەت ئیلاهەکان یان بە شوناسی ئەمرۆیی دەسەڵاتداران بووەو هەوڵی داوە جگە لەوەی کە مرۆڤ بە ترساندنو تۆقاندن رامی خۆی بکات، بازنەی ئیلاهیی خۆی لە ناو ئەقڵانیەتی ئوستورەدا بەرهەم بێنیو پتەوتر خودایی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە کە ئەقڵانیەتی ئوستورە دەستی بۆ هەستیارترین بەشی ڕۆحیو ڕەوانی مرۆڤ ببردبایەو دەستەمۆی کردبایە. تا بەم شێوەیە زۆرترین جەستەکانی بۆ خۆی کۆ کردبایەوەو دەسەڵاتی خۆی پێی پراکتیزە بکردایە.

هەر لەم روویەشەوە چەمکەکانی چەشنی، ترس، ژیان، مەرگ، عەشق (تەنیابوون)و..تاد. هەڵبەت بەپێی هەڵکەوتەی سروشتیو سایکۆلۆژی کۆمەڵگا، ڕێڕەوی خۆی تەرخان ئەکاتو قارەمانو پاڵەوانەکانی تێدا پەروەردە دەکا. لەم نێوانەدا مرۆڤی ترسنۆکو (تاریکی، لافاو، ویشکەساڵیو..هتد) زەرەرمەند لە سروشت، بە بیری لۆکاڵیو ئەندێشەی ساوای خۆی ئەم چەمکانە ئەباتە ناو واقیعو باوەڕیان پێ دێنیو تەنانەت قوربانیشی بۆ ئەداتو وەك هێزێکی باڵادەست دەیانقۆزێتەوە.

فیرعەونەکان، کاتی ویشکەساڵی، کچێکی جوانیان هەڵئەبژاردو بۆ ماوەی 1 ساڵ لە هەموو بوارێکەوە پێی ڕادەگەیشتنو ئەیانخەملاند، بەڵام پاش ئەو ماوەیە سەریان ئەبڕیو وەك باوەڕێکی ئوستورەیی کە لەو سەردەمەدا خۆی لە ناو مەراسیمەکانی ئاییندا ئەبینێتەوە، خوێنەکەیان ئەڕژاندە ناو زەریاوە، تام بە چەشنە ئالیهەی زەریا بارانیان بەسەردا ببارێنێ! ؟

ئەقڵانیەتی ئوستورەیی کە بە کردەوە لە خزمەت سەرۆك عەشیرەتو خێڵەکاندا بووە، دەبوایە ئالیهەکانی کە لەلایەن مرۆڤی بیرساواوە کە تا ڕادەیەك ناسراوبوو، لە ئاسانەوە دابەزێنێتە سەر زەویو بە جلێکی تر پۆشتەیان بکات. لەم رووبەرەدا ئیتر ئالیهە لە رۆحی سروشتی وەحشیو شاخی گای خێرو..تاد دێتە دەرێ وەك مرۆڤی تاوانبارو بالآخواز تێبینی ئەکرێ. (یەهوە خودای تەورات لە سەردەمی تەتیقدا وەك سەرۆك عەشیرەیەکی خوێنرێژو بێرەحم پێناسە ئەکرا) لەم بەینەدا لە خودای ئاسمان هاتە خوارێو لەگەڵ زەوی ئاشت بۆوە.

حکومەتی ئوستورە، دیاردە موقەدەسو پیرۆزەکانی بەرز دەنرخاندو حەوزەی دەهێنانە ئارای ئایینو بەرفراوانی دەکردەوە. بە واتایەکی تر ئالیهەی زەوی کە زەمانێك لە ئاسمان بوو و خاوەن دەسەڵاتی بێ سنوور بووە، ئێستا جێگۆڕکێ بە ئایین ئەکاتو پەیوەستی ئەکات بە هەژمونی ئایینەوە. واتە ئالیهە بە واسیستەبوون بە بەینی خەڵكو دەسەڵاتی بەرزی ئیلاهی، خۆی وەك نوێنەری خودا لە زەوی دەستنیشان ئەکات، کە ئەویش دەبێت خەڵك بە زەمینەی هەندێ مەراسیمو موناجات..تاد تا ئیمانی پێی بێننو بیپەرستن. (بە جەماوەرییبونی ئایین).

فیرعەون خۆی وەك خودا لە سەر زەوی ئەناساند، خاوەن دەسەڵاتێکی ئیلاهیو ئاسمانیەو مرۆڤی ژێر دەسەڵاتی بۆ خوداییکردنی ئەو لە سەر زەوی، دروست کراون. بەم پێیە، ئوستورە تەنیا ئەسپی خۆی لە سەر ئالیهەکان زین ناکات، بەڵکو ئایین وەکو ڕکێفی دەسەڵاتی خۆی دەبزوێنێ لەمەڕ بەردەوامبوونی زەمینو واقیعی خۆیو پێکانی ئامانجە درێژخایەنەکانی تا بەم چەشنە پرۆسەی بەردەوام مانەوەی خۆی پێك بهێنێ.

لەم ڕوکردەدا ئایین لە ناو دەسەڵاتی ئوستورەدا بۆ چاودێریو پاراستنی گیانی خۆی رادێو ئەبێتە تەکنیکی ئایینیو لە خزمەت دەسەڵاتی ئوستورەدا خاوەن شێوەیەك دەبێت. لەم دیالێکتەدا پرۆسەی ئایینی.. ئوستورەیی مرۆڤ دەستەمۆی تەقدیرە ئوستورەیەکان ئەکاتو دەیکاتە ناو دۆخی ئایدیالیستیو میتافیزیکی واوە کە هەر شتێك هەبێت، ئەبێ مۆرکی ئەم دوخە بخواتو لەم چەمسەرەدا جێگیر بێ. هەڵبەت ئەم بژاری ئاینییە لە سەردەمێکدا بوو کە فەلسەفەو زانست، نەیتوانیبوو بێتە ئاراوەو خۆی بنوێنێ.

بەڵام بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی فیکریو فەلسەفی مرۆڤ توانی بیری خۆی پەرە پێ بداو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خۆی بە پێوانەی لۆژیکیو ئەقڵانی هەڵسەنگێنێ. بەم هزرو بڕواییەش خۆی لە سیمبولی ئوستورەدا دۆزییەوە، بەڵام تا ڕادەیەك خۆی لە دابو نەریتەکانی ئوستورە بەتاڵ کردەوەو پەیوەستبوو بە ئەقڵی چالاکەوە، کە متمانەی بە بیرکردنەوەو ئەندێشەیە، تەنانەت لەسەر ئاستی پرەنسیپە فیکرییەکانی خۆیشی لێکدانەوەی نوێی ئەفراند. هەڵبەت ئەوە سەرباری ئەوە بوو کە مرۆڤ تا هەنوکەش نەیتوانیوە خۆی لە حکومەتی ئوستورە لە چوارچێوەی نومارە سنبول دور بخاتەوە، بەڵکو تەنیا لە پەیکەری ئوستورەو دادگاکانیدا وێنا کراوە.

بە هاتنەئارای قۆناغی زانستو فەلسەفە—دەسەڵاتی ئوستورە کە سەردەمێك لە وێنا جۆراوجۆرەکانی سیمبولی سروشتیو چەشنیدار (سەردەمی فتیشیتی) بت—پەرستی، سەقامگیر ببوو، گۆڕرا بۆ شێوەی ماتریالیستی لە ستراکتۆری دژە ئیلێمێنتەکان. تالیس فەیلەسوفی پێش سوکرات، ئاوی وەك "مادە الهوار" واتە بنەی سەرهەڵدانی جیهانو هەست پێناسە کرد، کە سروشتو بەرهەمە سروشتیەکانی پێ فورمولە ئەبێ. (فورا مادیە)، یان فیساگورسیەکان وەك ئەنجومەنێکی دینی خودایان بۆ ناو ئوستورەکان بە مێتافۆری فیکری خۆیان لەراندەوە. ئایین لە سەردەمی ساوای زانستو فەلسەفە تا رادەیەك ئامانج ئەبێو لە بەروانکە فەلسەفیەکاندا، بێڕەنگ ئەبێ.

سەردەمی نادیاری ئایین لەسەر زاڵبوونی زۆرینەی قوتابخانە فیکریو فەلسەفیە مادیەکاندا جاری وا بووە،

ئـاییني لــه قـاڵبی ڕێکخـراوه یـان مەکتــەبی دینیــدا بینیوەتەوە، چەشنی مەکتـەبی دینـی "کەلبیـەکان" یـان "دەوامیان" کە لە تەقالیدی ڕۆژانەی ژیان پەڕوینەتـەوەو پەنایان بردۆتە بەر سوچێکی دارستان، یان کەژێكو دوور لە هەموو هەڵسو کەوتێکی کۆمەڵایەتیو ڕۆژانە کردەیـان لەگـەڵ خـودو نەفـسی خۆیـان کـردوە، هەڵبـەت ئەمـە هاوکـــات بـــووه لەگـــەڵ بیروبـــاوەڕو دابو نەریتـــە تایبەتیـەکانیان، کـە بـە جـۆری ڕیـشەیی لـە ئـاییني مەکتەبەکەیاندا هەبوە.

بۆ وێنـە تـەرین لـە هەڵسوکەوت کـردن لـە ژن، یـان مانگرتن لە زۆر خـواردن، لەبـەرکردنی جلـی شـڕو کۆنـەو حەمام نەکردنو..تاد. بە تێپـەڕبوونی سـەردەمی سـاوای زانستو فەلسەفەو بـە هاتنـەئارای قۆنـاغی کـوژار، مـرۆڤ خـۆی لـە نـاو ئـاییني "تەقلیـدیدا" ئەبینێتـەوە، واتـە ســەرەڕای پێــشکەوتنی مــرۆڤ لــە فیکــرو تەنانــەت "هونەردا"، مرۆڤ بە هۆی ئەوەی کـە پێکهاتـەی زەیـنیو دەرونیەکـەی کاریگـەرە لەسـەر ئاکارەکـانی بـە گـشتیو هەڵگری لەبیرکردنی دەرونیی تایبەت بەخۆیـەتی، کـە لـە بونەوەرانی دیکە جیای ئەکاتـەوە، هەسـت بـە پێویـستی پاڵنەرێکی دەرونی لـە هەمبـەر خۆشـیو ناخۆشـی ژیـانی خـۆی ناکـات کـە بـە تایبـەت ئـەم شیمانەیەی لـە کـاتی تەنگانەدا زۆرتر بەرجەستە ئەبێ.

ئاییني تەقلیدی لەناخی خۆیدا زۆر دیاردەی لەگەڵ هێناو لە ڕاستیدا ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئافراندنی چـیرۆکە دیاریکراوەکانو دروستبونی دەسـەڵاتی دامو دەزگـایی چەشنی "حکومەتی کلیسا". ئـایین کـە لـە سـەردەمی پێش سوکرات تا ڕادەیەك وون ببوو. لەم قۆناغـەدا بـە شێوەی دامو دەزگاو زانستێکی دیاریکراو دێتە ئاراوە، ئاییني "مدرسی" یان کلێسایی، بە دابەشـکردنی مـرۆڤ بەسەر دو نیوەی خێرو شەڕدا، لە ژێر دروشمی "خـودا لە کلێـسادایە" ئایـدۆلۆژیای خـۆی واتـەدار ئـەکات کـە پێکهـاتبوو لـە بەرهـەمی فیکـریو فەلـسەفی ئاوێتـە لـە چەند فەیلەسوفێکی بژارکراو، ئەمەش جیهانی زەیـنیو واقعــی مرۆڤــی پێــی زاخــاو دەدرێو لـــە پێنـــاو چەسپاندنیدا بـە دەیـان کـەس دادگـاییو تەبعیـدو بـێ سەروشوێن کران.

لەم قۆناغەدا ئایین ئاگادارانەو بە شێوەی ڕاسـتەوخۆ لـە خزمـەت سـیفاتە مالیفولیـاتو باڵاخوازەکـانی هەنـدێ مرۆڤـی پـاوانخواز دێتـە کایـەوە، کـە خۆیـان بـە خـاوەن مەعریفەی ئیلاهی—کلیسایی ئەزانی، واتە نوێنـەری ئـایین لە سەردەمی دەسەڵاتی ئوستورە (فێرعەون) بۆ نوێنەری ئاییني ڕەسمی (قەشە) لەسـەردەمی حکومـەتی کلیسادا جێگـۆڕکێ دەکـات. ئەگـەر بـەم کێـشانە بڕوانینــە ســەرهەڵدانی ئــایینو شوناســی ئــایین لــە ســەردەمە مێژووییەکانـدا، بۆمـان دەرئەکـەوێ کـە ئـایین جگـە لـە سەرەتاکانی، ئەویش بەهۆی ئاشنانەبوونی مرۆڤ بە مافـە مەدەنیـــەکانی، هـــەروەك پێکنـــەهاتنی ژیـــانی کۆمەڵایـەتی،..تـاد. ڕێـڕەوی سیاسـی کـراوەو وەك پەرچـەکردارێك لەهەمبـەر داخوازیـەکانی مـرۆڤ لـە ڕووی، ئەندێشەو لۆژیكو..تاد. کەڵکی لێ وەرگیراوەو لە خزمەت جۆری چەوساندنەوەی مرۆڤ، ڕێڕەو کراوە.

جا ئەو چەوسـاندنەوەیە لـە سیاسـەتی ئوسـتورەییدا بێ یان سیاسەتی مەعبەدو کلیسادا، ئایین لە ناخزابوونی خۆیـدا پێویـستی بـە واقیعبوونـەوە لـە ژیـانی مرۆڤـدا هەبوە(2)، خۆشی پڕوپاگەندەی لەمەڕ خۆی کردوە، هـەر بۆیـەش، توانیویـەتی خـۆی لـە کرۆکـی کێـشەکانی مـرۆڤ بەرجەسـتە بکاتـەوەو لـە ڕاسـتیدا وەك ڕۆڵـی شـوانێکی گەورە بۆ مێگەل ئەژمار بکرێ.

پـاش تێپـەڕبوونی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، مـرۆڤ بـۆ جارێکی تر خول ئەخواتـەوە لەسـەر سروشـتی هێماکـانی سروشت، بەڵام ئەمجارەیان سروشت لـە شوناسـی خۆیـدا نەك تەنیا پێناسە کراوە، بەڵکو ڕامیش کـراوەو کەوتۆتـە ژێر ڕکێفی شۆڕشی ڕێنسانسەوە، بەو مانایە کە سروشـت لە هەیکەلی شەوەزەنگی خـۆی هاتۆتـە دەرێو خـۆی لـە ناو هەتاوی مەعریفەوە (فاعیلی ناسین) بـە زەیـنی کـاراو پاراو بینیوەتەوە، لـەم سـەردەمەدا ئـیتر بـە پێچەوانەی سـەردەمەکانی تـر خـودا—ئـایین، زۆر بـە سـانایی وێنـا ئـەکرێو ئەبێتـە سـاقی مەیخانـەکان (بڕوانـە بەرهەمـە

فیکری‌و هونه‌ریه‌کانی هونه‌رمه‌ندانی ئه‌و سه‌رده‌مه)و له‌ ناو شانۆییه‌کاندا ڕۆڵی ئه‌درێتێ.

مرۆڤی سه‌رده‌می ڕێنسانس که‌ ته‌مه‌نێکی دوورو درێژ ده‌سه‌ڵاتی کلیسای له‌ ژێر پره‌نسیبه‌کانی ئاییندا ئه‌زموون کردبوو و له‌ هه‌ر جۆره‌ بیرکردنه‌وه‌و داهێنانی فیکری‌و پیشه‌یی، دژ به‌ زانستی کلیسا، بێبه‌ش کرابوو، به‌ قۆستنه‌وه‌ی، ئه‌قلیه‌تی کارای سه‌رده‌می ڕێنسانس، که‌ به‌ توندی به‌رپه‌رچی سه‌له‌فیه‌ت‌و داب‌و نه‌ریت‌و ئوستوره‌و..تاد ئه‌دایه‌وه‌، خۆی سه‌رقاڵی که‌شفی زانست‌و ته‌کنیك‌و..تاد کرد، ئه‌م ئاوز بڕاوییه‌ له‌ ڕێنسانسدا گه‌رچی بنه‌مای سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕشه‌ فیکری‌و پیشه‌ییه‌کانی له‌خۆدا بینیه‌وه‌، به‌ڵام به‌ شێوه‌یه‌کی سیستماتیك نه‌یتوانی خۆی له‌ خواردنه‌وه‌ ڕۆحی‌و ئه‌خلاقیه‌کانی کلیساو قه‌شه‌کان بسڕێته‌وه‌و هه‌ندێ جار تابۆکانی به‌ سه‌ریدا قورس ئه‌کرد.

له‌م راستیه‌دا دین خۆی له‌ کۆڵه‌که‌کانی پشت پێی به‌ستوو واته‌ "روح ڕه‌ستی–سیحرو جادوگه‌ری–ته‌وته‌م‌و تابو– په‌رستنی ئه‌ژدادو بت په‌رستی–" به‌تاڵ ئه‌بێته‌وه‌، که‌ هه‌ر کام له‌م چه‌مکانه‌، به‌ گشتی، له‌سه‌رده‌مه‌کاندا ده‌رخه‌ری قۆناغی مێژوویی‌و زاڵبوونی ڕۆحی ده‌سه‌ڵات بووه‌، له‌ ئاکامدا دین له‌ ڕێنسانسدا خۆی له‌ریفۆرمی‌و چاکسازی به‌ مه‌به‌ستی زاراندنه‌وه‌ی مرۆڤی[3] له‌ژێر ته‌وژمی پێشکه‌وتنه‌ هزری‌و پیشه‌ییه‌کاندا ئه‌بینێته‌وه‌، به‌هاتنه‌ ئارای چاخی رۆشنگه‌ری که‌ ئه‌قڵ وه‌ك ده‌سه‌ڵاتی باڵاده‌ستتر له‌ خۆی له‌ لایه‌نه‌ ڕۆشنگه‌ریه‌که‌ی حکومه‌ت ئه‌خزێنێ خۆی له‌ ناو هه‌ر بیرو بۆچوون‌و ئایدیایه‌کدا ئه‌بینێته‌وه‌. که‌ سه‌رده‌مانێك پیاوانی خودا– ئایین به‌ چه‌شنی به‌هێزترین پیاو ده‌بینران، یان له‌ سه‌رده‌مانێکی تریاندا به‌ نه‌رمونیانی سه‌یر ئه‌کران. ئه‌وه‌ له‌ چاخی ڕۆشنگه‌ریدا به‌ سوژه‌ یان زه‌ین (Sgubject) میتافۆری گرنگترین هێزه‌کان پێناسه‌ ئه‌کرا.

له‌م قۆناغه‌وه‌ له‌ هه‌ژمۆنی ده‌رونی خۆیان بۆ سه‌ر کۆمه‌ڵگا، به‌ هۆی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌قڵیه‌وه‌ ئه‌که‌وێته‌ په‌راوێزه‌وه‌. له‌ هێنانی ئایدیالی ده‌سه‌ڵات به‌رته‌سك ئه‌بێته‌وه‌. چاخی رۆشنگه‌ری نه‌ ته‌نیا عه‌قڵی وه‌ك ده‌سه‌ڵاتی موتڵه‌ق پراکتیزه‌ کرد، به‌ڵکو به‌ ره‌کساندنی زه‌ین بۆ بیرۆکه‌ فیکری‌و فه‌لسه‌فیه‌کان‌و ته‌نانه‌ت شه‌رعیه‌تدان به‌و سیستمه‌ سیاسیانه‌ی که‌ ده‌وری تاك به‌رجه‌سته‌ ده‌نرخێنن به‌ ڕێگای به‌تاککردنی دین خۆش کردو نه‌مامی تاکگه‌رایی دینی چاند.

دین که‌ له‌ رۆشنگه‌ریدا بۆ قه‌واره‌ی "دینی تاکی‌و شه‌خسی په‌لکێش کراوه‌و له‌ دینی حه‌ماسیه‌وه‌ بۆ تاکی دی رۆشنگه‌ر کراوه‌ته‌وه‌ له‌سه‌ده‌کانی[4] دواتردا ئه‌زمونی مودێرن (ده‌سه‌ڵاتی ره‌های عه‌قڵ) له‌ هه‌مبه‌ر خۆیدا ئه‌بینێته‌وه‌، له‌ زهنێك که‌ مرۆڤی خاوه‌ن مودێرنێته‌ به‌ کرده‌وه‌ له‌ ژیانی خۆیدا موعامه‌له‌ی له‌گه‌ڵ کراوه‌و سه‌رنجی بۆ لای خۆی راکێشابوو[5] دوگمی دینی، له‌ هه‌مبه‌ر هارمۆنی گونجاوی عه‌قڵدا: هه‌ڵپه‌سارده‌ ده‌هێڵێته‌وه‌، له‌م روه‌وه‌ دین له‌ ژێر کاریگه‌رێتی ئه‌زمونی مودێرن "ئازادی دینی" بۆ خۆی مسۆگه‌ر ئه‌کات‌و به‌م چه‌شنه‌ وه‌ك فه‌یه‌ك بۆ کرداری خۆی، ئه‌گه‌ر له‌ قه‌واره‌ی تاکیش بێ، ئه‌یدۆزێته‌وه‌.

لێره‌دا ئایین نه‌ ته‌نیا، له‌ کلیساکان هه‌یه‌ به‌ڵکو خوداش له‌ ژوری خه‌ودا به‌دی ئه‌کرێ مرۆڤ هه‌م ده‌توانێ له‌ ناو کلیساو له‌ به‌رده‌م موم‌و نه‌قاشیه‌کانی کلیسادا به‌ده‌نگی موسیقداره‌وه‌، ئه‌ده‌بیاتی جزداوه‌ندی له‌مه‌ڕ "خوشنودی ده‌رونی" خۆی بڵێته‌وه‌، به‌ڵکو بۆشی هه‌یه‌، له‌ سوچی ماڵه‌که‌یه‌وه‌ گوێی بداته‌ مایکه‌کانی کلیساو موناجات له‌گه‌ڵ خوای تاکی خۆی بکات، له‌ راستیدا له‌م نێوانه‌دا دین، خۆی نۆستالۆژیای دینی به‌ هۆی ئه‌قڵی ته‌کنۆلۆژییه‌وه‌ ئه‌بینێته‌وه‌، که‌ به‌ ئاکام گه‌ینی هه‌ندێ قوتابخانه‌ی فیکری‌و فه‌لسه‌فی له‌م نۆستالۆژیابوونه‌ زیاتر ئه‌کات‌و ئه‌یخاته‌ ئاویلکه‌ی دینیه‌وه‌.

تاکی دینی له‌م سه‌رده‌مه‌دا نه‌ ته‌نیا، خۆی له‌ داب‌و نه‌ریته‌ ئاینیه‌کان به‌ چه‌شنی به‌ کۆمه‌ڵ دوور ئه‌بینێ، به‌ڵکو توانایی ریفۆرمی دینیش له‌ قه‌واره‌ی تاکدا بۆ خۆی ده‌سته‌به‌ر ئه‌کاو ته‌نانه‌ت وه‌ك سه‌رچه‌شنێکی نوێ ئه‌یداته‌ به‌ر پروپاگه‌نده‌و لایه‌نگر بۆ خۆی ئه‌دۆزێته‌وه‌،

جیاوازی لەویایە کە زۆر یەك لە گروپو تاقمەکان خۆیان بۆ خزمەتکردن لە پێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی ئەبریشەی تاکیو گروپی خۆیان تەیار ئەکەن، بێئەوەی کە هیچ یەك لە بیرو بۆچوونە دیاریکراوەکان چ لە قالبی ئاینو چ لە قالبی تردا، وەك سەرچەشنی چالاکیەکانی خۆیان دابنێن.

لە مودێرنێتەدا نە تەنیا ئایین لە ژیانی کۆمەلایەتی کولتوریدا کەمرەنگ ئەبێ بەلکو چەمکەکانیش لە ئەدەبیاتو سیاسەتو.. جێو شوێنیان راست ئەکرێتەوە. بە تێپەڕبوونی مودێرنێزمو سەرهەلدانی پۆست–مۆدێرنیزم کە دەرەنجامی ئالوگۆڕ لە دەسکەوتەکانی مودێرنو[6] گازەندەی هەندێ ئایین خۆی لە ئاخیزگای بوونی مەجازیدا ئەبینێتەوە، پۆست مودێرنیزم چ وەك درێژکراوەی پرۆسەی مۆدێرنیزمو چ وەك تێزێکی نوێ بۆ سەرهەلدانی دژ دۆخی خۆی بێ ئانتی تێزو بالکتیکی تایبەت بە خۆی بژار ئەکاتو بەرهەمی فیکریو پیشەییو دینی تایبەت بەخۆی لە تێڕامانەکەیدا تیوریزە ئەکرێ.

لە مۆدێرنیزمدا "خێرایی" گەر وەك سەرچەشنو بزوێنەری ئالوگۆڕەکان بێتە ئەژمار، ئەوە خۆی بەسەر نەوعیەتی گۆڕانکاریەکاندا ئەسەپێنێ. ئەم تایبەتمەندیە سەرەکیە لە پۆست مۆدێرنیزمدا "خێراتر" ئەبێتەوە تا ئەو ڕادەیە کە خۆی خۆی موتالا ئەکاتو لە ژێر عەقلی دیجیتالیدا رەهەندە فیکریەو پیشەیەکانی پلانڕێژ ئەکا، واتە "خێرایی" گۆڕان لە ساتەوەختی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتیو فەرهەنگیو..تاد، بەدی ئەکرێت. چ لە ئەخلاقی پۆست مۆدێرنیزم، چ لە معماریو چ دین..تاد.

لە سەردەمی پۆست مۆدێرنزیمدا، دەنگدانەوەی ئالوگۆڕی لە سیفاتەکانی پۆست مۆدێرنیزم چەشنی گلۆبالیزم، پڕوپاگەندە.. بەسەر جیهاندا تەوزیع ئەکرێ. لە پۆست مۆدێرنیزم زەین یان (فاعیلی ناسین) ئایین لە تراژیدیای خۆیدا بەسەر ئەکاتەوە[7]، هاوکات لەگەل ئەوەی کە "سوژەی دیجیتالی" خۆی لە گۆڕانکاریە پێشکەوتوەکاندا نوژەن ئەکاتەوە، بەرهەمی تراژیدیا خولقێنەریش بۆ ئایینی تەنیا (بەهۆی کارلێکی سیستمە فیکریو فەلسەفیەکانی سەردەم چەشنی، ئایدیالیزم، پۆزەتیڤیزم، ئیگزیستانیالیزمو بە یارمەتی تەکنۆلۆژیا فەلسەفە ئەکاتەوە.

ئایین لێرەدا، رووی نەرمو نیانی دەرونیانەی خۆی ئەدۆڕێنێو رووی واقیعی خۆی بە کردەوەو لە ژێر زیندوکردنەوەی مێژووی خۆیدا نیشان ئەدات[8]و ئەیەوێ پێتەختە داگیرکراوەکەی خۆی لە ناو نەفسی مرۆڤدا بستێنێتەوە، لەم نێوانەدا ئەقلی دیجیتالیو کەرەسەکانی تورەیی ئایین دابین ئەکات تا ئایین بە دەستی "زیندوکەرەوانی" ئایین، بە خولقاندنی تراژیدیای کارەساتی مرۆڤ تەزێنانەی سەرلەنوێ، دیسان تەنیایی خۆی بەسەر مرۆڤدا دابەش بکاتەوەو شوێنی دیاریکراوی خۆی چ لە جیهانی واقیعو چ لە جیهانی نەفسیدا وەربگرێتەوە.

هەر بۆیەش پرۆسەی ماریفەتی پۆست مۆدێرنیزم لەسەر ئەودیوی سنورەکانی بیرو هوشیاریو هێلە مێتافیزیکەکانو خۆئاگایی تاکی، بەرهەمهێنەری تراژیدیا دیجیتالیەکانە کە مەترسیدارترینو دیارترین سەلەف لە خۆیدا پەروەردە ئەکات. بەم پێیە ئایین وەك یەکێك لە کێشەکانی پۆست مۆدێرنیزم، خۆی دروستی پارا فیکریەکانی داهاتوو ئەکاتو دونیایی واقیعی خۆی لەسەر کردارە فیکریەکان لە داهاتوودا ساز ئەدات، کە رەنگە پێی بوترێ دونیای ئایینی–ئاوڕین.

**پەراوێز:**

1.لەشەکلی.

2.کەهەر.

3.بەزالە هاتوو لەدەسەلاتی کلیسا.

4.دوای رۆشنگەریدا.

5.کە لە راستیدا.

6.دیراسەبووی.

7.بەو مانەیە کە.

8.کەتەیهدوێ.

9.نەخوازیار.